سەماحەتی سەید حەکیم لەگەڵ بەرپرسانی دەرەوەی ژاپۆن باسی پێشهاتە سیاسییەکان و پتەوکردنی هاریکاری ئابووری کرد



بەیز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خێی لە بەغدا لەرژی 1ی کانونی یەکەم پێشوازی لە بەڕێز ناگەکا کانسەکی سەرکی بازنەی رژێهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆنی کرد لەم دیدارە بەڕێز ئاکیرا ئیندێ باڵیۆزی ژاپۆن لە بەغدا ئامادەبوو.

سەماحەتی سەید حەکیم لەم دیدارە باسی پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عێراقی دوای هەڵبژاردنێ پەرلەمانییەکانی ئەم دوایییە کرد و دووپاتی کردەوە کە ئەنجامەکانی چەندین پێیامی لەخۆ گرتبوو کە تیشکدانەوە بوو بە دەستگرتنی گەلی عێراق بەڕەوی دیموکراسیەت و خۆ بەستنەوەی بە سیستەمی سیاسی ئەوشلە بەشداریکردنی بەرفراوانی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکان و لە شەفافییەت و ڕوونی پرسەکە بەرجەستە بوو.

سەماحەتی جەختی کرد وە لەسەر ئەوەی عێراق بەهەنگاوی پێشکەوتوو بەرەو سەقامگیری هەمیشەیی دەڕوات ئەویش بە کۆکردنەوەی ئەرێنییەکان و پتەوکردنی کێشکی گونجاوی بە متمانەبوون و لەگەڵ ووبەڕووبوونەوەی ئەکابەرییە ئابووری و دارایی بە دیدی واقعی و توانای بەرزەوە، وەك ئەوەی چێن عێراق پێشووتریش چەندین قەیران و ئەکابەری تیپەڕ کردبوو.

سەماحەتی سەید حەکیم ئاماژەی کرد بە گرنگی ئامادەبوونی زیاتری کەمپانیا ژاپۆنییەکان لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە عێراق و سوود وەرگرتن لەو هەلە زێرانەی لەچەندین کەرتدا هەن و گوتیشی کەمپانیا ژاپۆنییەکان جێگای متمانەو ڕێزامەندی عێراقییەکانن، ئاوێش بەگوڕەی پەیوەندی مێژوویی نێوان هەردوو وڵات و پێکچوونی هەردوو ئەزموون لە بوارەکانی گەشەدان و دووبارە بنیاتنانەوە.